# قالاوی سپی

ڕەحمان سۆفی

چیمەن لە زانکۆ دەرکەوت، پێش ئەوەی بچێتە سەر شەقام، لە بەر درگاکە ڕاوێستا. وەکوو ئەوەی چاوەڕوانی کەسێک بێ، قوت و وریا دەیڕوانییە ڕێبوارەکان.

گەورە کچێکی باڵا بەرزی خوش سیما بوو. هەر جۆرێک جلوبەرگی دەپۆشی، پێی دەکەوت. لەنجە و لاری سەرنجی هەموو هەستیارێکی ڕادەکێشا. چەن هەنگاوێک دوور کەوتەوە. لە پەنای داربیێکی کۆنساڵی پیادەڕەوەکە ئیستێکی گرت. وشیارانە مەقۆ مقۆیەکی کرد و " مەقنەعە " ڕەشەکەی لە سەری داگرت و ڕووسەرییەکی شینی لە سەر و ملی ئاڵاند. سیمای ڕووناکتر دەرکەوت.

پاش نیوەڕۆی ڕۆژێکی بەهاری بوو. کزە بایکی ئەهوەن گەڵای دارەکانی دەلەراندەوە. چیمەن دەڕۆیی و دەیڕوانیە تابلۆی سەر دووکانەکان؛ نووسراوەی جامخانەی بوتیکەکانی دەخوێندەوە. هات و چۆی ئەو مرۆڤانە کە زۆر بە تاڵوکە دەهاتن و تێدەپەڕین بە لایەوە سەیر و سەر سووڕ هێنەر بوو. تێڕاما بوو « ئەو خەڵکە بۆ وا بە پەلەن! ». چەن کۆتر لە سەربانی مزگەوتی سوورەوە لە شەقەی باڵیان دا. ئەویش دەستی کردە کەپرە بۆ تەوێڵی و ڕوانییە فڕینی کۆترەکان؛ دیاردەی فڕین هەموو زەینی داگرت. « بیری لە فڕین دەکردەوە ».

پێڵاوی نەرم و ڕاحەتی لە پێدا بوو، گورج و چالاک و ئەرخەیان بە ڕێدا دەڕۆیی. چاوە سەوزە وردبینەکانی بەئاگا، هەمووکەلێن و قوژبنێکی دەبینی. سەیرێکی جۆگەلەی ئاوی شەقامەکەی کرد، ئاوەکە تەواو لیخناو بوو. ڕاگوزەر، کەوچک و چنگاڵ، دەوری، ئاوخۆری پلاستیکی و شتی وایان تێ فڕێ دەدا. پاکەتە سیگاری بەتاڵ و میوەی گەنیو، و بتڵی ئاو و نۆشابە یان تێ دەهاویشت. چەن سپوری چەکمە لە پێ و گسک و بێڵ بە دەست کە ئارەقە بە نێوچاوانیاندا دەتکا خەریکی جادە و کۆڵان خاوێن کردنەوە بوون. یەکێک لە سپورەکان چبووە نێو جۆگەکەوە، بە دەست و پەنجە زڕوزبڵی لە ئاوەکە هەڵدێنجا و دەیکردە نێو فەرغونێکەوە. . .

چیمەن کەپۆی بە دەسرەکەی دەستی گرت بوو، بەڵام هەر بە وردی دەیڕوانی. ژنێکی بینی کە چارەکەیەکی لە خۆیەوە پێچا بوو. سەر و سەکوتی وا داپۆشی بوو، چاوی نەبێ، هیچ کوێی دیارنەبوو. سەیرتر ئەوە بوو، پەتوێکی چوارلا ڕاخست بوو، منداڵێکی مەلۆتکە کراوی لە سەر پەتوەکە درێژی کرد بوو. لە بەردم مناڵەکەدا دەسرەیەکی پان کردبوەوە، دەستی گرتبووە؛ دەپاڕاوە « ئەی خێرۆمەن، هەتیوبارم، بێ کەسم، خێرێکم پێ بکەن؛ خوا خێرتان باتەوە » ڕاگوزەری وا هەبوو وردە دراوای بۆ دەهاویشت. ئی واش هەبوو، گوێی نەدەدایە، و بە پەلە تێدەپەڕی. چیمەن هەڵوێستکەیکی کرد، ئەسکیناسێکی خستە سەر دەسرەکە. لە دڵەو ئاواتە خواز بوو « ڕۆژێک لە ڕۆژان، لە وڵاتەکەیدا سواڵکەر نەمێنێ.»

ڕێی پێوا، گەیشتە کۆڵانی خۆیان. ژنانی گەڕەک لە بەر درگای ماڵی خاتوئامین، لە دەوری یەک دانیشتبوون. توگوڵەبەڕۆژیان دەتروکاند، دەردی دڵیان بۆ یەکدی دەکرد. لە دەست مێرد و خەسوو، منداڵ و ژیانی پڕمەینەتی خۆیان ئاەوناڵەیان بوو. ئی وا هەبوو کڵاوی دەچنی. یەک دووێک گوڵدۆزیان دەکرد. یەکی دیکە دەسکێش و گۆرەوی دەچنی بۆ زستان. منداڵانیش هەڵبەز و دابەزیان بوو، هار و هاجییان

دەکرد. منداڵێک شەپێکی لە تۆپەکەی هەڵدا، تۆپ ڕاست لە تەپڵی سەری خاتوئامین کەوت. خاتوئامین هاواری لێ هەستا « هەک کوێربی، ئەوە نابینی ئێمە لێرە دانیشتوین! بڕۆنە ئەو لاترەوە تۆپێن بکەن » لە سەر و بەندی قسەکانی خاتوئامین دا چیمەن گەیشتە لای ژنەکان. ژنان، فەرموو فەرموو دانیشە یان پێگوت. خاتوئامین لەگەڵکوو چاوی بە چیمەن کەوت، مۆڵەتی نەدا کە بە تەواوی چاک و چۆنی لەگەڵ ژنەکان بکا؛ بە نقە نق هەستا، لە دوورەوە باوشی بۆ کردەوە « خوایە زۆرشوکر، خانم دوکتەرهاتەوە. ئازیزەکەم چاوە ڕێت بووم،.ڕەبی لە دەورت گەڕێم، مەگەر هەر خۆت فریام کەوی. ئەوە چەن ڕۆژە، نامەی تاقانەکەم هاتووە؛ کەسێک نەبوو بۆم بخوێنێتەوە. بردوویانە بۆ ئیجباری، جێگاکەی ئەوندە دوورە، لەوسەری دنیایە. نازانم شارەکە ناوی چی چی جەنە . . . »

چیمەن پێکەنی وگوتی « خاتو،"چی چی جەن" نا. بیرجەند، شارەکە ناوی بیرجەندە »

خاتووش، پێکەنی « چوزانم بەقوربانتبم. خۆت دەزانی ئێمە مانان نەخوێندەوارین. چوزانین، دنیا بەری بە کوێوەیە. ها، ئەوە نامەکەیە بۆم بخوێنەوە.؛ بزانم چی نووسیووە »

خاتوو دڵی پڕ بوو لە دەرد، دای لە قوڵپەی گریان. چیمەن هەر لەوێ لە بەر درگاکە دانیشت. نامەکەی لە خاتو وەرگرت و کردیەوە و چاوی لێکرد. بە فارسی نوسرا بوو؛ دەی خوێندەوە و دەکرد بە کوردی. خاتو بە گیان و دڵ گوێی دابووە چیمەن و لە بەرخۆیەوە قسەی دەکرد « دایکەکەی بمرێ، ڕیگاکەی زۆر دوورە، مەرەخەسێشی نادەنێ »

چیمەن نامەکەی خوێندەوە ودایەوە دەست خاتوو. ئەویش چاو بە فرمێسکەوە ئەم لا و لای ماچ کرد و پرسی

- « خانم دوکتەر گیان! کەی جوابەکەیم بۆ دەنوسییەوە؟ »
- « هەر وەختێک بڵێی »
- « ئەگەر زەحمەت نەبێ هەرئێستا »

چیمەن دڵی نەهات دڵی خاتو بشکێنێ.

خاتووگوتی « خانم دوکتەر گیان! لەم بەر درگایە، لە بەر قاو و قیژی ئەمانە نابێ. با بچینە ماڵەوە »

ئەویش هەستا و پێکەوە چوونە حەوشە. چیمەن هەستی بە بۆنێکی خۆش کرد. پرسی « خاتوو ئەو بۆنە خۆشە چییە؟ »

خاتوو گوتی « ئەی لە دەورت گەڕێم، ئەوە بۆنی ڕەشە ڕێحانەیە؛ قەزات لە گیانم » ئەوەی گوت و چوو چەپکێکی چنی و هێنای « فەرموو بۆنی کە! بۆنی زۆر خۆشە »

چیمەن چەپکە ڕێحانەکەی لێ وەرگرت و بۆنەکەی هەڵمژی. چوونە ژوورێ. خاتوو لبادێکی لە سەر حەسیرێک ڕاخست و گوتی « فەرموو دانیشە!» چیمەن دانیشت. دەفتەرەکەی لە کیفەکەی دەرهێنا. قەڵەمی نا نێوان پەنجەکانی و لە خاتووی پرسی « دەی باشە بڵێ بزانم چی بنوسم ؟ »

خاتووگوتی « بنوسە دایکت باشە، پوڵیشی بۆ ناردوی؛ ئەگەر پێت گەیوە بۆم بنووسە. »

هەرچی خاتوودەیگوت ئەو دەینووسی. نامەنووسین تەواو بوو، پرسی « خاتو! پاکەتی نامەت هەیە ؟ »

خاتو چوو سەری سندوقێکی هەڵداوە و دەفتەرێکی هێنا و گوتی « ها ئازیزەکەم، وابزانم ئا لەمە دایە »

چیمەن دەفتەرەکەی وەرگرت. پەڕ بە پەڕی پشکنی، بەڵام پاکەتی نامەی پەیدا نەکرد. گوتی « خاتو کوا تێدانییە. دەی باشە، خۆم لەماڵەوە پاکەتم هەیە؛ بۆت لە پاکەت دەخەم و لە سنووقی پۆستی داوێم »

خاتو، شەربەتی بلاڵوکی هێنا. بە ڕەزامەندیەوە گوتی « شەربەت بخۆوە. خۆم دروستم کردووە. بەری ئەو داربلاڵوکەی حەوشە یە. ئەو دارە، باوکم بەڕەحمەتبێ خۆی خەڵفەکەی ناشت بوو. دایکم ئەوندەی دڵ پێی خۆش بوو، مەگەرهەرخوا خۆی بزانێ. ئای خانم گیان، دنیا وەفای بۆ هیچ کەس نییە !»

چیمەن شەربەتەکەی وەرگرت. لێی چەشت « زۆر خۆشە، دەست و چاوت خۆش بێ » تەماشایکی کاتژمێرەکەیی کرد وگوتی « ئای درەنگە، دەبێ بڕۆم، دایکم نیگەران دەبێ.» هەستا کە بڕوا، خاتوش هەستا و دەستی کردە ملی، ئەم لا و لای ماچ کرد و ماڵاوییان لە یەکدی کرد.

دوو درگا ئەولاتر، ماڵی خۆیان بوو. درگای حەوشە کرابووە وە. چیمەن لە باریکەڕێی نێوان گوڵەباخەکانی دایکیەوە تێپەڕی، لە پلیکانەکان سەرکەوت. پێی نایە هۆڵەکە، دایکی « ئەڵلاهوئەکبەر. . .» تێگەیی یانی نوێژ دکا. ڕووسەریەکەی لە سەری داماڵی و گوڵوڵەی کرد و توڕی دا. ڕووسەریەکە کەوتە سەر بەرماڵی نوێژەکەی دایکی. پرچە درێژەکەی لە سەرشان و ملی پەخشان بوو. ڕووناکی دەروونیشی خۆی نواند. زۆری نەخەیاند دایکی سڵاوی نوێژەکەی داوە. ڕووی کردە چیمەن و بە توڕەییەوە گوتی « خانم دوکتور! نوێژ ناکەی، بۆ سووکایەتی بە نوێژەکەی من دەکەی؛ یان لەگەڵ ڕووسەریەکەی خۆت بەشەڕدێی؟ » ئەوەی گوت و بە دڵ شکاویەوە ڕۆیی بۆ ئاشپەزخانە و خۆی بەچێشت لێنانەوە خەریک کرد. چیمەنیش بە دوایدا ڕۆیی، لێی نزیک بووە و دەم بە پێکەنینەوە گوتی « دایکە گیان یاریدەت بدەم ؟ »

دایکی گوتی « نا، ئەگەر نوێژەکانت بکەی لە یاریدە کردن بە من باشترە »

چیمەن بە ڕووخۆشییەوە « ئەگەر من دەرسەکانم باش بخوێنم، بەهرەی لە نوێژ کردن زیاترە.»

ئەوەی گوت و ڕۆیی بۆ بەر هەیوان.

پاڵی دابوو بە دیواری هەیوانەکەوە، دەیڕوانییە ئاوابوونی خۆر. لە ئاسۆی دوورە دەستەوە، پۆلێک مەل بەرەو پیرەداری حەوشەی کۆشکی لەمێژینە دفڕین. پۆلی مەل چەن سووڕ سووڕانەوە، سەرنجام لە سەر پیرەداری کۆنساڵ نیشتنەوە. چیمەن تێڕامابوو، بیری لە هەڵبژاردەی سروشت دەکردەوە. زەینی ئاڵۆزی ئەوە بوو؛ بۆ مروڤ ناتوانی بفڕێ ؟ ئەی چۆنە ئەو گیاندارە چکۆلانانە لە فەزادا دێن و دەچن! هەر چەن بیری لێدەکردەوە، دیاردەکە ئاڵۆزتر دەبوو و گرێ پووچکەی تێدەکەوت. بە وردی ڕوانییە پیرەداری حەوشەی کۆشکی کۆنساڵ. بیری چوو بۆلای سەختی، گەردنکەشی، خۆڕاگری و کۆڵ نەدانی پیرەدار. ساڵیانی ساڵ، بەفر و باران با و تۆفان، کۆڵی بە پیرەدار نەدابوو. زۆر جاران لق و پۆپیان شکاندووە، سەدان گەڵاڕێزانی بە خۆوە دیوە، بەڵام لە دڵی خاکدا ڕەگی قورس و قایمتر بووە چیمەن خۆی بە وە قانع کرد " هەڵبژاردەی سروشت نەهێنی خۆی هەیە و مرۆڤ سەرەندەری لێناکا "

پۆلی مەل لە سەر لق و پۆپی پیرەدار نیشتنەوە. تاک و جووت، قژ قژ، قیژەیان دەهات. تا دەهات زیاتر دەبوون، وای لێهات پیرەدار ڕەشداگەڕا. چیمەن هۆشی کۆکردەوە، و بە وردی دەیڕوانییە ئەو دیاردە سروشتییە. لە دنیای زەینی خۆیدا، سەیری دەکرد؛ دایکی هاواری لێ پەیدا بوو « ئەوە لە کوێی ؟

بۆ خەریکی دەرس و دەورەکەت نابی! نەتکوت دەرس بخوێنی قازانجی لە نوێژ کردن زیاترە، ئەی بۆ لەوێ ئاتڵ و باتڵ وێستاوی »

چیمەن گوتی « دایکە تۆ وەرە! ئەو هەموو باڵندەیە لە کوێوە پەدا بوون ؟ »

دایکی وەڵامی داوە « جا، من چووزانم کچێ ! وەرە ژووری، وەرە » بەڵام خۆشی بە سەر سووڕمانەوە لە زەینیدا " ئەیەڕۆ ئەوە هەموو قاژووە ڕەشە لە کوێوە هاتوون ! بە عومری خۆم نەم دیوە قاژوو پۆل پۆل لە جێیەک بنیشنەوە."

چیمەن وەکوو ئەوەی ئەفسون کرابێ، نوقمی تەماشا و تێڕوانینی ئەو پۆلە بە وتەی دایکی " قاژووە ڕەشە " بوو. زۆری سەیر کرد، ئەوەی دەیبینی هەر ڕەشایی قاژووە ڕەشە بوو. ئێوارەش بەرەو تاریکان دەچوو. وەکوو ئەوەی چاوی ڕەشکە و پێشکە بکا، چەن پەڵەی سپی لە نێوان ئەو هەمووە ڕەشایەدا دەهاتنە بەر چاوی. لە چاوی خۆی کەوتبووە گومانەوە، " تۆ بڵێ ئەوەی دیبینم ڕاست بێ ؟ بانگی کرد دایکە وەرە! ئەو پەڵە سپیانە چییە لە نێوان ئەو هەموو ڕەشایەدا ؟ تۆ بڵێی قاژووی سپیش هەبێ !؟

دایکی کەمێکی تێڕوانی و گوتی « کچێ تۆ شێت بووی، قاژووی سپی کێ دیویەتی ! لەونت لێ گوڕدراوە »

چیمەن « نا، دایکە، باش بڕوانە! ئەوەنییە »

دایکی لە بەرخۆیەوە " ئەستەغفرەڵڵا " ئاخر زەمانە! یان کچە خوێندەوارەکی من تێکچووە ؟ دایک و کچ سەرقاڵی تەماشای پۆلی قاژوو بوون، تەقە لە دەرگای حەوشە هەستا؛ باوکی چیمەن وەژوور کەوت. لە پلیکانەکان سەرکەوت، بە سەر سووڕمانەوە ڕوانی، دیتی هەموو لق و پۆپی پیرەدار ڕەش داگەڕاوە؛ و چیمەن و دایکی دەمەقاڵەیانە.